# کات سوڕانەوەی تەواو کرد وگەڕایەوە وەکو ئەو ڕۆژەی خوای گەورە ئاسمانەکان وزەوی دروستکرد: ساڵێک دوازدە مانگە، چوار مانگیان حەرامکراون (پیرۆزن): سیانیان لەدوای یەکن: (زو ئەلقەعدە:ذُو القَعْدَةِ)، و (زو ئەلحیجە:ذُو الحَجَّةِ)، و ((موحەرەم:المحرمُ)، و(ڕەجەبی موزەر:رَجَبُ مُضَرَ

لە ئەبی بەکرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کات سوڕانەوەی تەواو کرد وگەڕایەوە وەکو ئەو ڕۆژەی خوای گەورە ئاسمانەکان وزەوی دروستکرد: ساڵێک دوازدە مانگە، چوار مانگیان حەرامکراون (پیرۆزن): سیانیان لەدوای یەکن: (زو ئەلقەعدە:ذُو القَعْدَةِ)، و (زو ئەلحیجە:ذُو الحَجَّةِ)، و (موحەرەم:المحرمُ)، و(ڕەجەبی موزەر:رَجَبُ مُضَرَ) کە لە نێوان جەمادی وشەعبانە، ئایا ئەمە چی مانگێکە؟»، ووتمان: خودا وپێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، بێدەنگ بوو هەتاوەکو پێمان وابوو بە ناوێکی تر بانگی دەکات، فەرمووی: «ئایا مانگی -زی ئەلحیجە:ذي الحجة- نییە؟»، ووتمان: بەڵێ، فەرمووی: «ئەمە چی شارێکە؟»، ووتمان: خودا وپێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، بێدەنگ بوو هەتاوەکو پێمان وابوو بە ناوێکی تر بانگی دەکات، فەرمووی: «ئایا ئەمە (ئەلبەلدە:البلدة) -واتا: مەککە- نییە؟»، ووتمان: بەڵێ، فەرمووی: «ئەمە چی ڕۆژێکە؟»، ووتمان: خودا وپێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، بێدەنگ بوو هەتاوەکو پێمان وابوو بە ناوێکی تر بانگی دەکات، فەرمووی: «ئایا ڕۆژی قوربانیکردن نییە؟»، ووتمان: بەڵێ، فەرمووی: «خوێنتان وماڵتان وشەرەفتان حەرامن لەسەر یەکتر، وەکو حەرامبوونی ئەم ڕۆژە ولەم شارە ولەم مانگەدا، دەگەن بە پەروەردگارتان ولێپرسینەوەتان لێدەکات لەسەر کردەوەکانتان، بۆیە لە پاش من مەگەڕێنەوە بۆ کوفر بەشێوەیەک لە گەردنی یەکتر بدەن، با ئەوەی ئامادەیە؛ بیگەیەنێت بە ئەو کەسەی ئامادە نییە، لەوەیە ئەوەی وشەکانی پێدەگات باشتر لێی تێبگات لەوەی بیستوویەتی»، پاشان فەرمووی: «ئایا -پەیامەکەم- گەیاند، ئایا -پەیامەکەم- گەیاند؟»، ووتمان: بەڵێ، فەرمووی: «خودایە شاهێد بە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ڕۆژی قوربانیدا وتاری دا، ئەمیش لە حەجی ماڵئاواییدا بوو، هەواڵی دا سەبارەت بەوەی لەو کاتەی ساڵدا مانگەکان بەو شێوەیە کە خوای گەورە لە شەریعەتدا داینناوە ومانگە حەرامکراو وپیرۆزەکان -الأشهر الحرم- لە شوێنی خۆیانن، و-نەسیئـ :النسيء- نەماوە (ئەمیش بریتیە لە پاشخستنی مانگە حەرامکراوەکان -الأشهر الحرم- وگۆڕینیان بە پێی ویستی خۆیان لە سەردەمی جاهیلیەتدا)؛ نەسیئیان دەکرد مانگی حەرامکراویان بە حەڵاڵ دادەنا وبە پێچەوانەوە، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە کە ژمارەی مانگەکان دوانزەیە ئەوانیش بریتین لە مانگەکانی: محرم (موحەرەم)، وصفر (سەفەر)، وربيع الأول (ڕەبیعی یەکەم)، وربيع الثاني (ڕەبیعی دووەم)، وجمادى الأولى (جەمادی یەکەم)، وجمادى الثانية (جەمادی دووەم)، ورجب، (ڕەجەب)، وشعبان (شەعبان)، ورمضان (ڕەمەزان)، وشوال (شەوال)، وذو القعدة (زو ئەلقەعدە)، وذو الحجة (زو ئەلحیجە). ئەم دوانزە مانگەکە خوای گەورە بۆ بەندەکانی داینناوە لەو کاتەی ئاسمانەکان وزەوی دروستکردووە. وهەروەها -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە لە نێو ئەم مانگانە چوار مانگیان پیرۆزترن وحەرامکراون -هەندێک شت نابێت تێیان ئەنجامبدرێت-، سیانیان لە پاش یەکترەوە دێن: وذو القعدة (زو ئەلقەعدە)، وذو الحجة (زو ئەلحیجە)، محرم (موحەرەم)، خوای گەورە ئەم مانگەکانی حەرامکردووە بۆیە جەنگ بەرپاکردن تێیاندا حەرامکراوە، ونابێت تێیاندا کەس دەستدرێژی بکاتە سەر کەسێکی تر، چونکە ئەم مانگانە کاتی ڕۆیشتنی خەڵکین بۆ ماڵی خودا -بیت الحرام- لە

مەککە، بۆیە خوای گەورە حورمەت وپیرۆزی تایبەتی بۆیان داناوە بۆئەوەی جەنگ لەم مانگانەدا ڕوونەدات لەکاتێکدا خەڵکی دەڕۆن بۆماڵی خودا، وئەمیش لە حیکمەتەکانی حەرامکردنی ئەم مانگەیە. پاشان -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (-ڕەجەبی موزەر:رَجَبُ مُضَرَ- کە لە نێوان جەمادی وشەعبانە): ئەمیش مانگی چوارەمی ساڵی کۆچییە، لە جاهیلیەتدا لەم مانگەدا عومرەیان ئەنجامدەدا، ولە سێ مانگەکەی تر حەجیان ئەنجامدەدا، وجەنگ بەرپاکردن لەم مانگەدا حەرامە هەروەکو سێ مانگەکەی تر، بەڵام لە جاهیلیەتدا ساڵی وا هەبوو ئەم حەرامکردنەیان دەگۆڕی وبە ئارەزووی خۆیان پێش وپاشیان دەخست. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێیانکرد: (ئایا ئەمە چی مانگێکە؟ وچی شارێکە؟ وچی ڕۆژێکە؟)، ئەم پرسیارەی لێیانکرد بۆئەوەی گرنگی بەو قسە بدەن کە لە پاشاندا دێت وسەرنجیان لە لای بێت؛ چونکە بابەتێکی گەورەیە، پرسیاری لێیانکرد: (ئایا ئەمە چی مانگێکە؟): ووتیان: خودا وپێغەمبەرەکەی دەزانێت؛ بە دووریان زانی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ناوی مانگەکە بڵێت کە لای هەمووان زانراوە کە مانگی -ذي الحجة:زی ئەلحیجەیە-، بەڵام بەهۆی ڕەوشت وئەدەبیان بەرامبەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ناوی مانگەکەیان نەووت؛ چونکە زانراوە بەڵکو ووتیان: خودا وپێغەمبەرەکەی دەزانن. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بێدەنگ بوو، چونکە مرۆڤ ئەگەر قسە بکات پاشان ماوەیەک بێدەنگ بێت؛ خەڵکی ئاگایان لە قسەکانی دواتر دەبێت وسەرنج ڕادەکێشن وبە جوانی گوێ دەگرن، بێدەنگ بوو، هەتاوەکو ئەبو بەکرە دەڵێت: پێمان وابوو بە ناوێکی تر ئەو مانگە بانگ دەکات، پاشان فەرمووی: (ئایا مانگی -زی ئەلحیجە:ذي الحجة- نییە؟)، ووتمان: بەڵێ، فەرمووی: (ئەمە چی شارێکە؟)، ووتیان: خودا وپێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، هەرچەندە دەیانزانی شاری مەککەیە بەڵام بەهۆی ڕەوشت وئەدەبیان بەرامبەر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەمەیان نەووت، چونکە ئەمیش زانراوە لە لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ونەیانووت: ئەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەمە شتێکی زانراوە بۆچی پرسیار سەبارەتی دەکەیت؟ بەڵکو ووتیان: خودا وپێغەمبەرەکەی دەزانن. پاشان بێدەنگ بوو هەتاوەکو پێیان وابوو بە ناوێکی تر بانگی دەکات، فەرمووی: (ئایا ئەمە [ئەلبەلدە:البلدة] -واتا: مەککە- نییە؟)، ووتیان: بەڵێ، و(ئەلبەلدە:البلدة) ناوێکە لە ناوەکانی شاری مەککە، پاشان فەرمووی: (ئەمە چی ڕۆژێکە؟)، ووتیان: خودا وپێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، هەروەکو جارەکانی پێشووتر، فەرمووی: (ئایا ڕۆژی قوربانیکردن نییە؟)، ووتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا، وئەوان دەیانزانی مەککە ومانگی -زی ئەلحیجە:ذي الحجة- وڕۆژی قوربانیکردن؛ هەموویان حەرامکراون -هەندێک کردەوە تێیدا- وپیرۆزن. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (خوێنتان وماڵتان وشەرەفتان حەرامن لەسەر یەکتر، وەکو حەرامبوونی ئەم ڕۆژە ولەم شارە ولەم مانگەدا): پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- جەختیکردەوە لەسەر حەرامبوونی ئەم سێ شتە: خوێن، وسامان، وشەرەف وکەسایەتی؛ هەموو مسوڵمانێک حەرامە لەسەر مسوڵمانێکی تر، - خوێنەکان: هەموو نەفسێک دەگرێتەوە وئەوەی پەیوەندی بە لاشەی مرۆڤەوە هەیە لە ئازاردان. - سامانەکان: هەموو ماڵ وسامانێکی زۆر یان کەم دەگرێتەوە. -شەرەف وکەسایەتی: ئەمیش زینا وهاوڕەگەزبازی وبوهتان وغەیبەت وجوێن وهەموو شتێک هاوشێوەی ئەمانە دەگرێتەوە، هەموو ئەمانە حەرامن لەسەر مسوڵمان ونابێت بە هیچ شێوەیەک دەستدرێژی بکاتە سەر خوێن یان سامان یان شەرەف وکەسایەتی مسوڵمانێکی تر، ئەگەر هەر مسوڵمانێک سنووری ڕێزداری وحورمەتی مسوڵمانێکی تر تێپەڕێنێت ئەوا شایستەی سزادانە ئینجا هەندێک لەو سزایانە لە دونیادا سنووری شەرعی -حەددی- بۆ دانراوە وهەندێکی تر هەڕەشەی سزای لەسەر هاتووە لە ڕۆژی قیامەتدا. پاشان -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (دەگەن بە پەروەردگارتان ولێپرسینەوەتان لێدەکات لەسەر کردەوەکانتان): واتا ئاگاتان لە قسە وکردەوەکانتان بێت وئاگاتان لەم سێ شتە بێت کە باسکراوە چونکە هەموو قسە وکردەوەیەکی نەوەی ئادەم لێپرسینەی لەسەرە لە ڕۆژی قیامەتدا؛ ئەگەر چاک بن بە چاکە پاداشت دەدرێتەوە، وئەگەر خراپ بن یان خوای گەورە لێی خۆش دەبێت یان سزا دەدرێت. (بۆیە لە پاش من مەگەڕێنەوە بۆ کوفر بەشێوەیەک لە گەردنی یەکتر بدەن): چونکە ئەگەر مسوڵمانان لە گەردنی یەکتر بدەن ویەکتر بکوژن لەوەیە ئەمە نیشانەی ئەوەیە خوێنی یەکتر بە حەڵاڵ دەزانن، وئەوەی خوێنی مسوڵمانان بە حەڵاڵ بزانێت کافر دەبێت. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد ئەوەی ئامادەیە؛ بیگەیەنێت بە ئەو کەسەی ئامادە نییە، واتا ئەوەی ئامادەی ئەم وتارەیە بیگەیەنێت بیگوازێتەوە بۆ ئەوانەی گوێیان لێ نەبووە، پاشان هەواڵی ئەوەیدا -صلى الله عليه وسلم- لەوەیە ئەوەی وشەکانی پێدەگات باشتر لێی تێبگات لەوەی بیستوویەتی، ئەمە وەسیەت وڕێنموێنی وئامۆژگاری پێغەمبەری خودایە -صلى الله عليه وسلم- بۆ ئەوانەی ئامادە بوون لەو ڕۆژەدا وبۆ هەموو مرۆڤێکە کە ئەم فەرموودەیە دەبیستێت هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت. پاشان پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (ئایا -پەیامەکەم- گەیاند، ئایا -پەیامەکەم- گەیاند؟): پرسیاری لە هاوەڵان دەکرد -ڕەزای خوایان لێبێت-، ووتیان: (بەڵێ): واتا بەڵێ پەیامەکەت گەیاند. پاشان -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (خودایە شاهێد بە): لەسەر ئەوەی پەیامەکەم گەیاند.